# گفتوگۆی هەفتەنامەی هاوڵاتی لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد
# سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە هەڕەشەی لەشکرکێشی تورکیا

**هاوڵاتی: ئایا پێت وایە لەشکرکێشی تورکیا لەئێستادا (ئەگەر هەموو هەرێمەکە بگرێتەوە) تەنها بۆ لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستانە، یان هەندێ مەبەستی تری لەپشتەوەیە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: نەك هەندێ بەڵکو کۆڵێك مەبەستی گەورەترو گرنگتر لە مەسەلەی پەکەکە لە پشتی لەشکرکێشی تورکیاوە هەیە. هەڵبەت هیچ گومانێك لەوەدا نیە کە تورکیا هەمیشە مەبەستیەتیو هەرکاتێك بە هەر جۆرێك بۆی بلوێ دەیەوێت پەکەکە لە ناوبەرێت، بونی پەکەکە لە هەر جێگایەك بیت خۆی لە خۆیدا مایەی نیگەرانی جدیە بۆ دەولەتی تورکیا، بۆیە کاتێك دەڵێم کۆڵێك مەبەستی گەورەتر لە ئارادایە، یان لە جێگای تر ووتومە بوونی هێزەکانی پەکەکە لە کوردستان بەهانەیەکە بۆ لەشکرکێشی لە پێناو مەرامی گەورەتر، مەبەستم ئەوە نیە کە تورکیاو پەکەکە شۆخی لەگەل یەك دەکەن یان سیناریۆ دەگێرن. بە دیاریکراویش لە جەرگەی ئالوگۆرەکانی ناوچەکەدا لیدانو راونانی پەکەکەش پیویستی تایبەتی خۆی هەیە بۆ تورکیا، بەلام جیاوازی هەیە لەگەل مەسەلەی لەشکرکێشیو داگیرکردنی کوردستانی عیراق.

بۆ ئەمەیان من پێم وایە مەسەلەی پەکەکە بەهانەیە بۆ دەخالەتێك کە تورکیا دەیەوێ لە پرۆسەی سیاسی ئێستای عێراقدا بیکات بە مەبەستی چونەپێشی ئەم پرۆسەیە بە جۆرێك کە قازانجەکانی خۆی تیایدا مسۆگەر بێت. ئەم دەخالەتەی تورکیا پەیوەندی راستەوخۆو توندی هەیە لەگەڵ ناکامی ئەمریکا لە عیراق، پەیوەندی هەیە لەگەل عیراقو وەزعی عیراقی دوای ناکامیەکانی ئەمریکا، پەیوەندی هەیە لەگەل پیشبرکێی تورکیا لەگەل دەولەتانی دیکەی ناوچەکە بۆ نەخشاندنی ئاییندەی سیاسی عیراق بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان. هەر لەم چوارچیوەیەشدا پەیوەندی هەیە بە مەسەلەی کوردو قەوارەی سیاسی هەریمی کوردستانەوە وەکو بەشیك لە وەزعی ئیستای عیراق. بۆیە نەك هەر پەکەکە بەلکو بینینی مەسەلەکە لەو چوارچیوە تەسکەشدا کە مەبەستی تورکیا هەر تیکدانی وەزعو قەوارەی مەوجودی کوردستانی عیراقە دیسان هەلەو ناتەواوە، گومان لەوە نیە تیکدانی ئەو قەوارە سیاسیەی کوردستانی عیراق جیگای مەبەستی تورکیا هەیەو هەمیشەش پێی نیگەران بووە، بەلام ئەمرۆ ئەمە هەموو مەبەستەکەی نیە، بەو جۆرەی میدیای کوردیو ناسیونالیزمی کورد بەرجەستەی دەکەن، بەلکو ئەمەش لە نیو مەبەستە فراوانترەکانی دەولەتی تورکیادایە. یان یەکیکە لەوانە.

بینینی چوارچیوەی گشتی ئەم مەسەلەیەو ئەو ئالوگۆرانەی بەریوەن زۆر حەیاتیو گرنگە. ناسیونالیزمی کورد کاتیك دەیەوی مەسەلەکە تەنها وەکو دوژمنایەتی دەولەتی تورکیا لە گەل کوردستانو حکومەتی هەریم لە خەلك بگەیەنێ، ئەوە ئەوسەری ئەم هاوکیشەیە دەگات بە سازانو سازشی خۆیان لەگەل دەولەتی تورکیا، چونکە گومان لەوە نیە کە سەرئەنجام ئەم حیزبانە هی ئەوە نینو ناتواننو ئەهلی ئەوە نین بەر بە هیرشی تورکیا بگرن. لە کاتیکدا ئەگەر بە پیچەوانەی ئەوانەوە، راستی رەوتی ئاوگۆرەکانو هەلومەرجەکە بە دروستیو لە چوارچیوە فراوانترەکەیدا ببینی، دەگەی بەو ئەنجامەی کە ئەم هەرەشەیەی تورکیا زۆر جدیە، مەسەلەکەی هەر کوردستان نیە و بە سازشی حکومەتی هەریم بەریناگیریت. لە بەرامبەر ئەمەدا زۆر کاری گەورەترو فراوانتر پیویستە لە کاری سیاسیو جەماوەریەوە بگیرە تا بەرەنگاربونەوەی چەکدارانەی جەماوەری، بەلام ئەوسەری مەسەلەکە بۆ دەربازکردنی کوردستان لەم جۆرە مەترسیە، بەخۆکەوتنە بۆ جیاکردنەوەی کوردستانو کردنی بە دەولەتیکی سەربەخۆی دانپیدانراوی نیودەولەتی.

**هاوڵاتی: ئەو هۆکارانە چین کە زیاتر پاڵ بە تورکیاوە ئەنێن کە بەم شێوەیەی ئێستا سووربێت لەسەر لەشکرکێشی؟**

ڕێبوار ئەحمەد: تورکیا لە ماوەی چەند سالی رابردوودا دەورو دەخالەتیکی کەمی هەبوو لە وەزعی سیاسی عیراقدا، دەولەتانی دیکەی ناوچەکە بە تایبەتی ئیرانو سوریا دەوری زۆر گەورەتریان بووە. جا ئەمە چ بە هۆی کیشەو گرفتە دەرونیەکانی دەولەتی تورکیاوە بیت یان بە هۆی بەرتەسکی کەنالەکانی دەخالەتکردنی لە عیراق بوبیت. ئەمرۆ تورکیا دەبینیت هەردوو فاکتۆرەکە بە قازانجی دەخالەتی زیاتری ئەو لە عیراق گۆراوە، هەم حکومەتو دەسەلات لە تورکیادا یەکدەستترو جیکەوتەتر بووەو هەم بوار بۆ دەخالەتی لە عیراقدا ئاوەلاتر بووە.

تورکیا دەبینێ کە ئەمریکا لە عیراق ناکام ماوەتەوەو بەرنامە هاتوەتە سەر بردنەدەرەوەی پلەبەپلەی هیزەکانی. دەبینێ ئەمە بۆشاییو مەجالیکی زۆر بۆ دەخالەتی هیزەکانی ناوچەکە دەکاتەوەو هاوکیشەی سیاسی ئیستا دەگۆرێ، دەبینێ کە جمهوری ئیسلامی خەریکە ئەم هاوکیشەیەو دەسەلاتی مەرکەزی بە باری قازانجی خۆیدا یەکلادەکاتەوە، دەبینێ روسیا خۆی قوتکردوەتەوەو دەیەوێ ناکامی ئەمریکا بۆ خۆی بقۆزیتەوە. ئەویش ئەمە بە فرسەتیك دەزانی بۆ دەخالەتکردن لە وەزعی عیراقو هەم بە مەبەستی جیخستنی بەرژەوەندیەکانی خوی هەم بۆ لیدانو لەبەینبردنی هەموو ئەو موجوداتانەی مایەی قەلەقی ئەون. تورکیا لەو بارەیەشەوە فرسەتەکە بۆ خۆی لە باردەبینێ کە دەزانێ سەرئەنجام ئەمریکا بەدەر لە هەر نیگەرانیەکی بۆ ئالۆزتر بوونی وەزعیەتەکە لە دەستی خویدا، پێی باشە ئەو بۆشاییەی لە عیراقدا بە هۆی کەم بونەوەی دەوری ئەمریکاوە دیتەپیشەوە، تورکیا پری بکاتەوە نەك دەولەتی ئیران یان روسیا کە هەردولایان ئەسپی خۆیان تاوداوە.

**هاوڵاتی: وەك ئاگادارن حکومەتی عێراق ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی تورکیا لەدژی (پ.ك.ك). ئایا ئەو هەڵوێستە بە پلەی یەکەم هەڵوێستی لوبی ئەرەبیە لە حکومەتی عێراقدا؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، کەواتە کاریگەری چی دەبێت (ئەگەر هەبێت) لەسەر دۆزی کورد لەعێراقدا لە پاشەڕۆژدا؟**

ڕێبوار ئەحمەد: نا وا نیە. کیشەکە ئەوەیە کە میدیای کوردیو ناسیونالیزمی کورد ئەم کیشەیە تەنها لە نیوان تورکیا| کورد، بەرتەسك دەکەنەوە. جا یان چوارچیوەی گشتی وەزعەکەو ئەو ئالوگۆرانەی بەریوەن نابینن یان نایانەویت راستیەکان بەرجەستە بکەنو دانیپیدابنین. لە پیشدا پرسیاری من ئەوەیە کە کێو کام هاولاتی عەربیو کام هیزی عەرەبی پێی وایە حکومەتی عیراق یان جەنابی مالکی نوینەرایەتی عەرەب دەکات؟ حکومەتی ئیستای عیراق وشکە کەڵەکێکی پیکهاتوە لە کۆمەلیك هیزی قەومیو تائیفیو عەشیرەتی بە توندی ناکۆك لەگەل یەکتری. هەر کامیان جگە لە دەستەو تاقمەکەی خۆی، نوینەرایەتی هیچی تر ناکات.

هەلویستی بەم جۆرەی مالکیو دەوروبەرو دەسەلاتی واقعی لە مەرکەزی عیراق، بۆ هەرکەسیك کە نەیەوی چاو لە ئاست واقع بنوقینێ، جیگای پرسیارو نارۆشنی نیە. بۆ ئەوانیش مەسەلەکە پەکەکە نیە. کێ هەیە ئەو واقعە نەزانێ کە مالکیو حکیمو صدرو هاشمیو شەهرستانی هەر وەکو تورکیا کیشەی جدیان هەیە چ لەگەل دەسەلاتی هەریمی کوردستانو چ بە تایبەتیش لەگەل مافەکانی خەلکی کوردستان. ئەوانەی ئەمە دەشارنەوە خۆل دەکەنە چاوی خەلك. ئیستا ئیتر ئەوە ئاشکرابوو کە

به پیچەوانەی پروپاگەندەکانی چەنج هەفتە لەمەوبەری ناسیونالیستە کوردەکانو سەرانی حکومەتی هەریمەوە، خەلکی کوردستان نەك هەر نابی چاوەروانی ئەوە بن کە حکومەتی مەرکەزی لەبەرامبەر هەرەشەی پەلاماری تورکیادا بەرگریان لیّبکات، بەلکو دەبی ئاگادارین لەم ئەزمەو ئالۆزیو کەینو بەینەدا ئەویش پیلانی خۆی لە دژیان نەگێرێت. بۆیە نەك هەر لەبەر ئەم هەلویستەی حکومەتی عیراق بەلکو لە سایەی هەلومەرجی بەم جۆرەو بە تایبەت تا کاتیك ئەم جۆرە هیزو تاقمانە لە عیراقدا دەورو دەسەلاتیان هەبیت، باسکردن لە چارەسەری "دۆزی کورد" لە چوارچیوەی عیراقدا نەك هەر خەیال بەلکو فریوکاریە.

بەلام لە راستیدا هەلویستی مالکی لە جیاتی ئەوەی وەکو ئیوە دەلین "لوبی عەرەبی" بیت، زیاتر دەورو کاریگەری جمهوری ئیسلامی ئیرانە کە دەوری بێ رەقیبی هەیە لەسەر دەسەلاتی مەرکەزی ئیستای عیراق.

**هاولاتی: ئایا مەبەستی تورکیا ئەوە نییە کە شەڕی کورداٌ کورد، لەنێوان (پ.ك.ك)و هەندێ هێزی کوردی لە عێراق، هەڵبگیرسێنێت؟**

رێبوار ئەحمەد: پیم وایە وەلامی من بۆ ئەو پرسیارانەی پیشەوە، رای من لەسەر ئەم مەسەلەیەش رۆشن دەکاتەوە. مەسەلەی کوردو پەکەکەو دەوری ناسیونالیزمی کورد لە ناوچەکەو بە تایبەتیش دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە کوردستانی عیراق، هەمیشە جیگای نیگەرانیو بیزاری تورکیا بووە. بەلام من پیم وانیە لە رابردوشدا ئەوەی ئیوە پیّی دەلین "شەری کورداٌکورد" لە خۆوەو راستەوخۆ بە فیتی دەولەتانو هیزی دەرەکی روویدابیت تا ئەمرۆ رووبدات. کیشەکەو زەمینەکانی ئەو شەرانە لە نیوان خۆیاندا وجودی بووەو تەنانەت تەقیوەتەوە، پاشان دەولەتانی ناوچەکەو هیزەکانی دەرەکیش بەپیّی بەرژەوەندی خۆیان دەخالەتیان تیاکردوە. دەولەتانی ناوچەکە لەوانەش تورکیا رەنگە هیچ کات هیچ هەلیك لە کیس نەدەن بۆ گیرانی ئەم دەورەو توندکردنەوەی شەرو کیشەی نیوان ئەم هیزە ناسیونالیستە کوردانە. بەلام تا ئەو جیگایەی بەم مەسەلەیە دەگەریتەوە وەکو لە پیشەوە ووتم مەبەستی دەولەتی تورکیا گەورەترو فراوانترە لە پەکەکەو "کورد"و نانەوەی شەر لە نیوان "هیزە کوردیەکان".